# بارزانی و مەترسیەکانی پەڕینەوە لەم لووتکە بۆ ئەو لووتکە!!!

**هیشام ئاکرەیی**

وشەیەک و بوچوونێکی کەلێ ئاساییە گەر بلێین ئەم کاتەی گەلی باشووری کوردستان تیایدا دەژیت لە پەیوەندیدا لە گەلْ دەستگەوت چەسپاندنی مافەکاندا، هەستیارترین و ناسکترین قۆناغە و سەرکەردەی پێ دەوێت بتوانێت ئەو ئەرکە مێژووییە بخاتە سەر شانی خۆی و بلێت: ئەوە منم دەتوانم پاپۆڕی کورد بە ئارامییەوە بگەێنمە قەراغی دەریا.

هەلبەتە هەموو قۆناغەکانی شۆڕشی کوردستان هەستیاربون و پێویستیان بە ڕابەری لێهاتوو بووە و گەلێ جار هەتتا ڕابەری لێهاتووش نەیتوانیوە لە ململانێدا لە گەلْ داگیرکەران سەرکەوێت. چونکە دوژمنانی کورد دوژمنی ئاسایی نین و کوردستان چاردەوری دوژمنە.

بۆ دانی وێنەیەکی تەواو بۆ هەستیاری ئەم قۆناغە دەتوانین، پرۆسەی چاندنی گەنم و جوو بیهێنیە پێشچاومان، هەر لە کۆلانی ئەرز و چاندن و هاتنی باران و نەهاتنی، تاوەکوو کاتی درۆن و هاتنی وزری هاوین و مەترسیەکانی سووتان یان سووتاندنی ئەو گەنم و جوویە.

پرۆسەی سیاسی لە باشووری کوردستان ئێستاکە لە کاتی درۆن دایە و بارودووخی سیاسی ئەوەندە گەرم بووە و دوژمنانی ئەو ئەزموونە لە سەنگەردان بۆ سووتاندنی دەخل و دانی کورد و تێکدانی ئەوزموونەکەی و گەڕاندنەوەی کێشەی کورد بۆ ئاستی سالێ 1975.

هێژا بارزانی ئەو کەسەیەیە کە لەم بارودووخەدا خۆی کاندید کردوە و ئامادەیە ئەرکی پاراستنی کوردستان و درۆنی دەستەکەوتەکان و مافەکان بخاتە سەر شانی خۆی.

لێرەدا لەوانەیە خودی کەسایەتی بارزانی بەو هەموو ئەزموونەی کە هەیەتی، پرسیار لە خۆی بکات و هزر بکات: ئایە دەتوانم لەم لووتکەوە بەسەلامەتی بڕۆم بوو ئەو لووتکە یان بۆ لووتکەیەکی بەرزتر دەڕۆم!!!

مێژوو سەلمادوویەتی لە کێشەی گەلاندا، سەرکەوتنی سەرکردە هی خۆی و گەلەکەیەتی وهەروەها سەرنەکەوتنی سەرکردەش هەمان واتا دەدات. (سەرکردە ڕاستەقینەکان نەک ئەوانەی بەناو سەرکردەن) لە حالەتی کوردستانیشدا هەمان یاسا تەواوە. بەو مانایە سەرکەوتنی بارزانی لە بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان لە باشووری کوردستان، سەرکەوتنی هەموومانە و سەرنەکەوتنیشی (خوانەخواستە) گەڕانەوەی کێشەی کوردە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکان.

سەرەڕای ئەو هەموو ئەزموونەی کە هێژا بارزانی هەیەتی و هەموو شارەزاییەی ئەو لە بواری بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیدا، بەلام دەتوانین بلێین بارزانی بەبێ پشتگیری هەموو گەلی کوردستان ناتوانێت بەرسنگی هەموو ئەو دوژمنانە بگرێت. هەر بۆیەش لە یەکەمین چرکەوە بارزانی بە شێوەیەکی ڕەسمی پۆستی سەرۆکایەتی وەربگرێت، پێویستە هەموو گەلی کوردستان لە هەنگاوە نیشتیمانییەکاندا پشتگیری بارزانی و سەرکردایەتی کورد بکەن.

وەک نموونە بۆ ئەرکە نیشتیمانیەکان: یەک گەڕاندنەوەی شاری کەرکووک و هەموو ناوچەکانی خانەقین و مەندلی تاوەکوو شەنگال و بەعاج بۆ ژێر ئیدارەی کوردستان، دوو، چەسپاندنی فیدرالی نەتەوەیی و لەسەر بنەمانی جوگرافی کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان، سێ، پەژراندنی خاڵێک لەناو یاسای عێراقدا تیایدا مافی چارەخۆنووسین بۆ گەلی باشووری کوردستان قبوڵ بکرێت و لە هەر دەنگدانێک بۆ سەرۆکایەتی و پەرلەمانی عێراق گەلی کورد دەنگ لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، چوار، کردنی عێراق بە دوو (یان سێ) هەرێمی یەکسانی فیدراڵ و ئەو دوو هەرێمە حکومەتێکی فیدرال دروست بکەن بەهەمان شێوەی وڵاتانی فیدرالی دونیا، پێنج، پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکی کوردستان سەروەر دەبن لە کوردستاندا و هەر بڕیارێکی عێراقیی لە کوردستان پەسەند ناکرێت تاوەکوو پەرلەمانی کوردستان پەسەندی نەکات.
لەم چوارچێوەیەدا گەلی کوردستان پێویستە پشت وپەنابن بۆ بەڕێز بارزانی تاوەکوو بتوانێت ئەو ئەرکانە بەدیبێنێت.

هەر سەرکردەیەک لەو قۆناغەدا و بۆ باشووری کوردستان بتوانێت ئەو مافانە دابین بکات و جێبەجێیان بکات، جێگای شانازی هەموو گەلی کوردستان دەبێت و بەڕاستی سەرکردە و ڕابەرە و پێویستە گەلی کوردستان وەک بیبیەی چاوی خۆیان بیپارێزن.

تاوەکوو ئێستا و بەتایبەت لەم چەند مانگەدا بارزانی ئەو دروشمانەی سەرەوە هەڵگرتوون و هەوڵی بۆیان داوە وبەو شێوەیە وتارێکی سیاسی تایبەت بە خۆی دروست کردوە. ئەو وتارە سیاسیە لە جێگای ڕەزامەندی زۆربەی گەلی کوردستانن لە ڕۆی تیورییەوە، ئەوەی کەماوە جێبەجێکردنی خاڵەکانی ئەو وتارە سیاسیەن.

بەو وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم، هێژا بارزانی بەشێوەیەکی ڕەسمی و ئەخلاقی بەرپرسیار دەبێت لە جێبەجێکردن و بەدیهێنانی ئەو مافانە و گەلی کورد و ڕۆشەنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد چاوەڕێی ئەوە دەبن هەرێمێکی یەکگرتووی فیدال (بەکەرکووکەوە) و تا ڕادەیەکی باشیش سەربەخۆ دروست بکرێت.

دروستکردن یان دروست نەکردنی ئەو هەرێمە، بەدیهێنان یان بەدی نەهێنانی ئەو مافانە هەموویان لەم خولەی سەرۆکایەتی بارزانیدا دەبن بۆ باشووری کوردستان. بەواتایەکی تر، ئەوە بەڕێز بارزاییە شەرەفی ئەو سەرکەتنانە وەردەگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر پێی نەکرا ئەو مافانە بەدەست بێنێت ئەوە ئەو کاتە ڕاستە گەلی کوردستان زیانێکی گەورەی پێی دەکەوێت بەڵام زیانی هەرە گەورە بە هێژا بارزانی و ئەوموونەکەی دەکەوێت کە لە منالییەوە خەریکە دروستی دەکات.

هەر بۆیەش دەڵێم، وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی باشووری کوردستان لەم قۆناغەدا، بوێری و مەردایەتی پێویستە، بە تایبەت بۆ سەرکردەیەکی وەک بارزانی کە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە و جگە لەوە گەلی کورد وەک ڕابەرێکی خۆیان دەناسن و جێگاکەی لە ئاستی سەرۆکی هەرێمدا بۆ ئەگەر نەڵین بەرز تریش بوو.

مێژوو وا ویستوویەتی لەم دوو ساڵەدا چارەنووسی باشووری کوردستان دەتنیشان بکرێت، و مێژوو ویستوویەتی دیاریکردنی ئەو چاەنووسە بە هێژا بارزانییەوە گرێدراو بێت... کەواتە بەتایبەت لەم دوو

ساڵەدا چارەنووسی گەلی کوردستان و بارزانی بەیەکەوەگرێدراوە.. هەر بۆیەش سەرکەتنی بارزانی سەرکەوتنی گەلی کوردستانە و هەر کارەساتێکیش کارەساتە بۆ گەلی کوردستان و بە تایبەت بۆ بەاێز بارزانی...

هەر بۆیەش لەدوای چەند ڕۆژێکی تر بارزانی دەتوانێت لە تەلاری پەرلەماندا ڕابوەستێت وەک (تارقی کوری زیاد) لە ئیسپانیا و بڵێت: گەلی کورد، تورکیا لە پشت ئێوەیە و عەرەبە ئیسلامی و توندڕێیە شیعەکان لە پێش ئێوەن، چارەنووسی من و ئێوە لەم 2 ساڵەدا دەست نیشان دەکرێت و تاوەکوو سەرکەوین پێویستە هەمووومان یەک بین .......